لەبڵاوکراوەکانی سایتی ئیمان وەن
WWW.IMAN1.COM

# بەشی ڕۆژوو (الصَّوْم)

## ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان

## ( صِيَامُ شَهْرِ رَمَضَان )

**ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان[402] گرتنی پێویست(وَاجِب)ە لە سەر هەموو موسوڵمانێکی ژیری ، پێ گەیشتووی[403] ، لەش ساغ کە توانای ڕۆژوو گرتنی هەبێت و لە سەفەردا نەبێت[404]، بە بینینی مانگی ڕەمەزان لە لایەن**

(٤٠٢) ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان پایەیەکی گرنگە لە پایەکانی ئیسلام و فەرزێکە لە فەرزەکانی ، خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ١٨٣–١٨٥)دا دەفەرمێ: ﴿ يَآ أَيُّهَا الَّذِيْنَ آمَنُوْا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِيْنَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُوْن ... شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيْ أُنْزِلَ فِيْهِ القُرْآنُ هُدَىً لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالفُرْقَانِ فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ .. ﴾ واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ڕۆژووتان لە سەر نووسراوە(فەرز کراوە) هەر وەك چۆن لە سەر ئەوانەی پێش ئێوە نووسرا بوو ، بۆ ئەوەی خۆتان بپارێزن ... ئەو مانگی ڕەمەزانەی کەوا قورئانی تێدا دابەزیە ڕێ پیشاندەرێك بێت بۆ خەڵکی ...

وە فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ : ... وَصَوْمُ رَمَضَان )) واتە: ئیسلام لە سەر پێنج پایە دامەزراوە... وە ڕۆژووی – مانگی – ڕەمەزان . بڕوانە (پ ١٠٠)

وە ئوممەتی ئیسلام هەموو یەکڕا(مُجْمِع)ن لە سەر پێویست(وَاجِب) بوونی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان ، وە لە سەر ئەوەیشی کەوا یەکێکە لە پایەکانی ئیسلام ... وە هەر کەسێك نکوڵ(إِنْكَار)ی بکات بێ باوەڕ دەبێت و لە ئیسلام هەڵدەگەڕێتەوە...

(٤٠٣) لە بەر فەرموودەکەی (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ١٠١) .

(٤٠٤) لە بەر فەرموودەکەی خوای گەورە لـە سـورەتی (البقرة: ١٨٢)دا کـە دەفـەرمێ: ﴿ فَمَنْ كَانَ مَرِيْضَاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّــامٍ أُخَــرَ﴾ واتـە: جـا ئەگـەر کەسـێکتان نەخۆش بوو یان لە سەفەردا بوو ، ئەوە چەند ڕۆژێکی تر بگرێت .

بەڵام ئەگەر نەخۆش و (مُسَافِر) بیگرن ئەوە لە سەریان دەکەوێت.

**موسـوڵمانێکی ڕاسـتگۆی دادپـەروەرەوە ، یـان بـە تـەواو بـوونی سـی(٣٠) ڕۆژەی مانگی (شَعْبَان) ئەگەر کەس مانگی نەدی یان ئاسمان هەوری بوو ، وە بەردەوام دەبێت لە سەر ڕۆژوو گرتن تا بینینی مانگی(شَوَّال) ، یـان تـەواو کردنـی سـی(٣٠) ڕۆژەی ڕەمـەزان ئەگـەر مـانگ نـەبینرا یـان ئاسمـان هـەور بوو[٤٠٥] ، وە ئەگەر لـە وڵاتێك لـە وڵاتـانی ئیسلامدا مـانگ بینـرا ، ئـەوە ڕۆژوو گـرتن لـە سـەر وولاتـانی تـریش پێویسـت(وَاجِب) دەبێـت[٤٠٦] ، وە ئـەو بینینـە (ثَابِت) دەبێت بە شایەتی دانی دوو کەسـی موسـوڵمانی دادپـەروەر[٤٠٧] ، یـان بە شایەتی دانی کەسێك جێی متمانە(ثِقَة)بێت[٤٠٨] .**

(٤٠٥) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێـت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمووی: (( **صُومُوْا لِرُؤْيَتِـهِ وَأَفْطِـرُوْا لِرُؤْيَتِـهِ ، فَإِنْ غُمِّـيَ عَلَـيْكُمُ الشَّهْرُ فَعُدُّوا ثَلاَثِـيْنَ** )) واتە: ڕۆژوو بگرن بە بینینی – مانگی ڕەمەزان – وە واز بێنن لە ڕۆژوو گرتن بە بینیی – مانگی شەوال – جا ئەگەر هەور بەر مانگی لێ گـرتن ، ئـەوە سـی(٣٠) ڕۆژ بـژمێرن [رواه البخاري (١٩٠٩/١١٩/٤) ومسلم (١٠٨١/٧٦٢/٢) وهذا لفظه].

(٤٠٦) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالرَّحْمَن بن زَيْد بن الخَطَّاب) لە هـاوەڵانی پێغەمبـەری خواوە (ﷺ) کەوا پێغەمبەری خوا فەرمووی: (( .. **فَإِنْ شَهِدَ شَـاهِدَانِ مُسْلِمَانِ فَصُوْمُوْا وَأَفْطِرُوا** )) واتە: .. جا ئەگەر دوو شایەتی موسوڵمان شایەتیان دا – کە مانگیـان بینیـوە – ئەوە ڕۆژوو بگرن _ ئەگەر مانگی ڕەمەزانیان بینی _ ، وە وازیش لە ڕۆژوو گرتن بێنن – ئەگەر مانگی شەوالیان بینـی – [رواه أحمد (٥٠/٢٦٥/٩) والنسائي (١٣٣/٤) وهـو حديث صحيح ، بروانـە الإرواء(٩٠٢) صحيح الجامع (٣٨١١)].

وە بۆ دڵنیا بوون لە ڕاستی ئەم ڕایە کە ڕا و بۆچوونی جەماوەری زانایانە(جُمْهُور العُلَماء) [بڕوانە تمام المنة (ل:٣٩٨)].

(٤٠٧) لە بەر فەرموودەکەی پێشوو بڕوانە (پ٤٠٦) .

وە فەرموودەی تریش هەیە کە هەر ئەو واتەیە دەدات .

(٤٠٨) لە بەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **تَرَاءَى النَّاسُ الهِلاَلَ ، فَأَخْبَرْتُ رَسُوْلَ الله(ﷺ) أَنِّي رَأَيْتُهُ ، فَصَامَ وَأَمَرَ النَّاسَ بِصِيَامِهِ** )) واتە: خەڵکی تەماشایان دەکرد مانگ – ی ڕەمەزان– ببینن ، منیش بە پێغەمبەری خوام (ﷺ) ووت: من بینیومە ، جا ڕۆژووی گرت و فەرمانیشی بە خەڵکی کرد ڕۆژوو بگرن [رواه أبو داود (٢٣٢٥/٤٦٨/٦) وهو حديث صحيح ، بڕوانە الإرواء (٩٠٨)].

## ئەوانەی ڕۆژوویان لە سەر پێویست نییە
## ( الَّذِيْنَ لاَ تَجِبُ عَلَيْهِم الصَّوْم )

**نەخۆش و (مُسَافِر) ، کەوا دەتوانن بیگرن و دەیشتوانن نەیگرن[٤٠٩]، جا ئەگەر زیانیان لێ نەدات و ناڕەحەتیان نەکات باشتر وایە بیگرن ، بەڵام ئەگەر ناڕەحەتی دەکردن وزیانی لێ دەدان ، ئەوە باشتر وایە نەیگرن[٤١٠]، پاشان بە قەزا دەیگێڕنەوە[٤١١]، وە هەروەها کەسێك ئەگەر توانای گرتنی نەبێت لە بەر پیری بێت یان لە بەر نەخۆشیەك کە هیوای چاك بوونەوەی نەبێت ، ئەوە نایگرێت و لە جیاتی هەموو ڕۆژێك خواردنی کەم دەستێك دەدات[٤١٢]، وە ئافرەتی دووگیان(حَامِلَه) و ئافرەتی شیر دەریش ئەگەر ترسان لە خۆیان یان لە منداڵەکانیان ئەوە ڕۆژوو ناگرن ، وە لە جیاتی هەر ڕۆژێکدا خواردنی کەم دەستێك دەدەن وە قەزایشیان لە سەر نییە[٤١٣]،**

---

(٤٠٩) لە بەر فەرموودەکەی خوای گەورە ﴿ فَمَنْ كَانَ مَرِيْضَاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ ، بڕوانە (پ ٤٠٤).

(٤١٠) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد الخُدْرِي) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **كُنَّا نَغْزُوا مَعَ رَسُوْلِ الله (ﷺ) فِي رَمَضَان ، فَمِنَّا الصَّائِمُ وَمِنَّا المُفْطِرُ ، فَلاَ يَجِدُ**

الصَّائِمُ عَلَى المُفْطِرِ وَلاَ المُفْطِرُ عَلَى الصَّائِمِ ، يَرَوْنَ أَنَّ مَنْ وَجَدَ قُوَّةً فَصَامَ فَإِنَّ ذَلِكَ حَسَنٌ ، وَيَرَوْنَ أَنَّ مَنْ وَجَدَ ضَعْفاً فَأَفْطَرَ فَإِنَّ ذَلِكَ حَسَنٌ )) واتە: لە گەڵ پێغەمبەری خوادا(ﷺ) غەزامان دەكرد لە ڕەمەزاندا ، جا لێمان هەبوو بە ڕۆژوو دەبوو ، وە لێیشمان هەبوو بە ڕۆژوو نەدەبوو ، جا ئەوانەی بە ڕۆژوو دەبوون هیچیان نەبوو بەرانبەر بەوانەی بە ڕۆژوو نەدەبوون ، وە ئەوانەیشی بە ڕۆژوو نەدەبوون هیچیان نەبوو بەرانبەر بەوانەی بە ڕۆژوو دەبوون ، وایان دەبینی هەر كەسێك بە هێزبێت وتوانای هەبێت ڕۆژوو بگرێت چاك وایە ڕۆژوو بگرێت ، وە هەر كەسێكیش لاواز بوو و توانای ڕۆژوو گرتنی نەبوو ئەوە چاك وایە نەیگرێت [رواه مسلم (٧٨٧/٢/ ١١١٦) والترمذي (٧٠٨/١٠٨/٢)].

(٤١١) لە بەر فەرموودەكەی خوای گەورە: ﴿ ... فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ بڕوانە(پ٤٠٤) .

(٤١٢) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە كە لە سورەتی (البقرە:١٨٤)دا كە دەفەرمێ: ﴿ ... وَعَلَى الَّذِيْنَ يُطِيْقُوْنَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِيْنٍ ...﴾ واتە : ... وە لە سەر ئەوانەی كە توانای – ڕۆژوو – گرتنیان نییە _ لە جیاتی ئەوە _ خواردنی كەم دەستێك بدەن ... .

(عَطَاء) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێ : لە (إِبْنُ عَبَّاس)م بیست ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە ، جا فەرمووی: ئەم ئایەتە (نَسْخ) نەبوەتەوە ، ئەمە بۆ ئەو پیرەمێرد و پیرەژنەیە كە ناتوانن ڕۆژوو بگرن ، جا لە جیاتی هەموو ڕۆژێك خواردنی كەم دەستێك دەدەن [رواه البخاري(٤٥٠٥/١٧٩/٨)].

(٤١٣) لە بەر فەرموودەكەی (أَنَسُ بْنُ مَالِك الكَعْبِي) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إِنَّ اللهَ وَضَعَ عَنِ المُسَافِرِ شَطْرَ الصَّلاَةِ ، وَعَنِ الحَامِلِ _ أَوِ المُرْضِعِ _ الصَّوْمَ** )) واتە: بە ڕاستی خوای گەورە لە سەر (مُسَافِر) ڕۆژوو ونیوەی نوێژی لاداوە ، وە لە سەر دوو گیانِ(حَامِلَة) وشیردەریش ڕۆژووی هەڵگرتوە [رواه أبوداود (٢٤٠٨) والنسائي (١٨٠/٤) وإبن ماجة (١/رقم/١٦٦٧) وغيرهم وهو حديث حسن صحيح ، بڕوانە المشكاة(٢٠٢٥) وصحيح أبي داود(٢٠٨٣) وصحيح الترمذي (٥٧٥) وصحيح إبن ماجه(١٣٥٣)].

جا ئەگەر كەسێك بڵێت لابردنی ڕۆژوو لە سەر ئافرەتی دوو گیان وئافرەتی شیردەر وەكو (مُسَافِر)ە ، چۆن لە سەر ئەو قەزا پێویستە لە سەر ئەوانیش پێویستە ، ئێمەیش **دەڵێین** : ئەم ڕایە جێی خۆی نییە ، چونكە قورئان كاتێك كە ڕۆژووی لە سەر (مُسَافِر) لادا ڕوونی كردوەتەوە كە دەبێت بە قەزا بیداتەوە ، وەك دەفەرمێ: ﴿ فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيْضاً أَوْ

عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ﴾ ، هەروەها كاتێك لایداوە لە سەر ئەوانەیشی كە ناتوانن بیگرن ، ڕوونی كردوەتەوە كە دەبێت خواردن لە جیاتیدا بدرێت ، نەك بە قەزا بیدەنەوە ، وەك دەفەرمێ : ﴿ وَعَلَى الَّذِيْنَ يُطِيْقُوْنَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِيْنٍ ﴾ ، وە دوو گیانٍ و شیردەیش دەكەونە بەر ئەمەی دووەمیان ، وەك (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) لە بارەی ئایەتی ﴿ وَعَلَى الَّذِيْنَ يُطِيْقُوْنَهُ..﴾ دەفەرمێ: (( **كَانَتْ رُخْصَةً لِلشَّيْخِ الكَبِيْرِ وَالمَرْأَةِ الكَبِيْرَةِ وَهُمَا يُطِيْقَانِ الصِّيَامَ أَنْ يُفْطِرَا وَيُطْعِمَا مَكَانَ كُلِّ يَوْمٍ مِسْكِيْنَاً وَالحُبْلَى وَالمُرْضِعِ إِذَا خَافَتَا** )) واتە: ئەمە ڕوخسەتێك بوو بۆ پیرەمێرد و پیرەژن كە ناتوانن ڕۆژوو بگرن كەوا ڕۆژوو نەگرن ، وە لە جیاتی هەموو ڕۆژێكدا خواردنی كەم دەستێك بدەن ، وە دوو گیانٍ و شیردەریش ئەگەر ترسان ڕۆژوو نەگرن و خواردن بدەن [رواه ابوداود (٢/رقم/٢٣١٨) والبيهقى (٢٣٠/٤) وإبن جارود (٣٨١) وغيرهم وسنده صحيح ، بروانە (صفة صوم النبى (ﷺ)) لسليم بن عيد الهلالى وعلى بن حسن (ل٨٠) الطبعة الثانية].

وە (إِبْنُ عَبَّاس) (أُمِّ وَلَد)ێكی خۆی بینی دوو گیان(حَامِلَه) بوو ، جا پێی فەرموو: (( **أَنْتِ مِنَ الَّذِيْنَ لاَ يُطِيْقُوْنَ ، عَلَيْكَ الجَزَاءُ وَلَيْسَ عَلَيْكَ القَضَاءُ** )) واتە: تۆ لەوانەی كە توانای گرتنیان نییە ، جا (فِدْيَه)ت لە سەرە ، و قەزات لە سەر نییە [رواه الدارقطني (٢٠٧/١) وصحح إسناده بروانە صفة صوم النبي (ل٨٥)].

وە هەروەها (نَافِع) دەفەرمێ: پرسیاریان لە (إِبْنُ عُمَر) كرد (خوایان لێ ڕازی بێت) لە بارەی ئافرەتی دووگیانەوە ئەگەر لە منداڵەكەی ترسا ، ئەویش فەرمووی: (( **تُفْطِرُ وَتُطْعِمُ مَكَانَ كُلَّ يَوْمٍ مِسْكِيْنَاً مُدَّاً مِنْ حِنْطَةٍ** )) واتە: ڕۆژوو ناگرێت و لە جیاتی هەر ڕۆژێك گوێلێك خواردنی گەنم بە كەم دەستێك دەدات [رواه مالك والبيهقى فى سننه (٢٣٠/٤) من طريق الشافعى وسنده صحيح ، بروانە صفه الصوم النبى ( ﷺ) (ل: ٨٥ )].

**وە ئافرەت ئەگەر لە حەیزدا بوو یان لە زەیسانیدا بوو نابێت ڕۆژوو بگرێت[٤١٤] ، بەڵام قەزای لە سەرە[٤١٥] ، وە خواردن دانەكەیش ئەوەیە لە جیاتی هەر ڕۆژێك ژەمێك یەك كەم دەست(مِسْكِيْن) تێر بكات [٤١٦].**

(٤١٤) لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو سَعِيْدِ الخُدْرِي) (خوای لێ ڕازی بێت) بروانە (پ٩٤).

(٤١٥) لە بەر فەرموودەكەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بروانە (پ ٩٨).

(٤١٦) لە بەر (أَثَر)ەکەی (أَنَسُ بنُ مَالِك) (خوای لێ رازی بێت) (( **أَنَّهُ ضَعُفَ عَنِ الصَّوْمِ عَاماً فَصَنَعَ جِفْنَة ثَرِيْد وَدَعَا ثَلاَثِيْنَ مِسْكِيْنَاً فَأَشْبَعَهُم** )) واتە: ساڵێك لاواز بوو نەیتوانی ڕۆژوو بگرێت جا یەك (صَاع) نانەوڵاوی کرد و بانگی سی(٣٠) کەم دەستی کرد وتێری کردن [رواه الدارقطني (١٦/٢٠٧/٢) وهو أثر صحيح الإسناد ، بڕوانە الإرواء (٢١/٤)].

# پایەکانی ڕۆژوو ( أَرْكَانُ الصَّوْم )

**نیەت[٤١٧] ، وخۆ گرتنەوە لە هەموو ئەو شتانە کە ڕۆژوو دەشکێنێت ، هەر لە دەرکەوتنی (فَجْر)ەوە تا خۆر ئاوا بوون[٤١٨].**

# ئەوانەی ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە
# ( مُبْطِلاَتُ الصَّوْم )

**خواردن و خواردنەوە[٤١٩] و جیماع کردن[٤٢٠] بە قەستەوە ،**

(٤١٧) لە بەر فەرموودەکەی (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) (خوای لێ رازی بێت) ، بڕوانە(پ٣١) .

(٤١٨) لە بەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی : (البقرە: ١٨٧)دا کە دەفەرمێ: ﴿ .. **فَالآنَ بَاشِرُوْهُنَّ وَابْتَغُوْا مَا كَتَبَ اللهُ لَكُمْ ، وَكُلُوا وَاشْرَبُوْا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الفَجْرِ ، ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ** ..﴾ واتە: جا ئێستا – دەتوانن – بچنە لایانەوە وە ئەوەی خوای گەورە بۆی نووسیون _ بۆی حەڵاڵ کردون _ داوای بکەن ، وە بخۆن وبخۆنەوە تا سپیایی ڕۆژتان لە تاریکی شەودا بۆ ڕوون دەبێتەوە لە بەرەبەیاندا ، پاشان ڕۆژووەکانتان تەواو بکەن تا وەکو شەو _ خۆر ئاوا بوون _ .

(٤١٩) لە بەر ئەو ئایەتەی پێشوو کە باسمان کرد ، بڕوانە (پ ٤١٨) ، وە ئەگەر بە قەستەوە نەبێت ئەوە نە قەزای لە سەرە و نە(كَفَارَة)یش ، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **مَنْ نَسِيَ وَهُوَ صَائِمٌ ، فَأَكَلَ أَوْ شَرِبَ ، فَلْيُتِمَّ صَوْمَهُ ، فَإِنَّمَا أَطْعَمَهُ اللهُ وَسَقَاهُ** )) واتە: هەر کەسێك لە بیری چوو کەوا بە ڕۆژووە ، جا خواردن یان خواردنەوەی خوارد ، ئەوە با ڕۆژووەکەی تەواو بکات ، چونکە ئەوە خوای گەورە تێری کردوە و تینویەتی شکاندوە [رواه مسلم (١١٥٥/٨٠٩/٢) وهذا لفظه والبخاري (١٩٢٣/١٥٥/٤) وغيرهما].

(٤٢٠) لە بەر ئایەتەکە پێشوو بڕوانە (پ٤١٨) ، وە ئەگەر بە قەستەوە جیماع بکات ، ئەوە دەبێت قەزای بکاتەوە و(كَفَارَة)یش بدات ، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: لە کاتێکدا کە ئێمە لای پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دانشتووبوین پیاوێك هاتە لای ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا تیاچووم ، فەرمووی: (( مَا لَكَ ؟ )) واتە: چیتە ؟ فەرمووی: جیماعم لە گەڵ ژنەکەمدا کرد و بە ڕۆژوویش بووم ، پێغەمبەری خوایش ( ﷺ) فەرمووی: (( هَلْ تَجِدُ رَقَبَةً تَعْتِقُهَا ؟ )) واتە: ئایا بەندەیەکت هەیە ئازادی بکەیت؟ ووتی: نەء ، فەرمووی: (( فَهَلْ تَسْتَطِيْعُ أَنْ تَصُوْمَ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعِيْنِ ؟ )) واتە: ئەی دەتوانیت دوو مانگ بە سەر یەکەوە ڕۆژوو بگریت ؟ ووتی: نەء ، فەرمووی: (( فَهَلْ تَجِدُ إِطْعَامِ سِتِّيْنَ مِسْكِيْنَاً ؟ )) واتە: ئەی هەتە خواردنی شەست کەم دەست بدەیت ؟ ووتی: نەء ، (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) فەرمووی: جا پێغەمبەری خوا (ﷺ)بێ دەنگ بوو ، جا ئێمە لەو حاڵەتەدا بووین ، سەبەتەیەکی خورمایان بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) هێنا ، جا فەرمووی: (( أَيْنَ السَّائِلُ ؟ )) واتە: کوا ئەوەی پرسیاری کرد ؟ ئەویش ووتی: منم ، فەرمووی: (( خُذْ هَذَا فَتَصَدَّقْ بِهِ )) واتە: ئەمە ببەو برۆ بیبەخشە ، جا پیاوەکە ووتی: ئایا بە سەر لە خۆم هەژار تردا ئەی پێغەمبەی خوا ؟ دە بەخوا لە نێوان هەردوو (حَرَّة)ەکەی (مَدِيْنَه)دا ماڵێك نییە لە ماڵی من هەژارتر بێت ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێکەنی تا دگانەکانی دەرکەوت ، پاشان فەرمووی: (( أَطْعِمْهُ أَهْلَكَ )) واتە: برۆ بیدە بە کەس و کاری خۆت با بیخۆن [رواه البخاري ( ١٩٣٦/١٦٣/٤) ومسلم ( ١١١١/٧٨١/٢) وغيرهما ، وە لە ڕوایەتی أبو داود (٣٣٩٣/٧٨٦/٢) وإبن ماجه (١٦٧١/٥٣٤/١) : پێغەمبەری خوا ( ﷺ) بە پیاوەکەی ووت : (( وَصُمْ يَوْمَاً مَكَانَهُ )) واتە: وە ڕۆژێك لە جیاتی بگێرەوە . وهي رواية صحيحة ، بڕوانە الإرواء(٤/٩٠-٩٣و٩٤٠) وصحيح إبن ماجة(١٣٥٦)].

(حَرَّة) : زەوییەکی نزمە لە(مَدِيْنَه)دا بەردەکانی ڕەشە ، دەڵێیت سوتاوە .

**وە حەیزو زەیسانی[٤٢١]، وە خۆ ڕشانەوە[٤٢٢] .**

## ئەوەی سوننەتە ڕۆژووان بیکات

## ( آدَابُ الصِّيَام )

## دواخستنی پارشێو کردن [٤٢٣]

(٤٢١) ئەگەر لە کۆتایی ڕۆژەکەشدا بێت لە بەر یەکڕای(إِجْمَاع)ی زانایان لە سەری ، بڕوانە [فقه السنة (٣٩٣/١)].

(٤٢٢) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَةَ) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (( **مَنْ ذَرَعَهُ القَيْءُ فَلَيْسَ عَلَيْهِ قَضَاءٌ ، وَمَنْ اسْتَقَاءَ عَمْداً فَلْيَقْضِ** )) واتە: هەر کەسێك ڕشانەوە زۆری بۆ هێنا و بەڕۆژوو بوو ئەوە قەزای لە سەر نییە ، وە ئەگەر خۆی خۆی بڕشێنێتەوە ئەوە با قەزای بکاتەوە [رواه أبو داود (٢٣٨٠/٧٧٦/٢) والترمذي (٧٢٠/٩٨/٣) وابن ماجه (١٦٧٦/٥٣٦/١) وغيرهم وهو حديث صحيح ، بڕوانە الإرواء(٩٣٠) وصحيح الجامع (٦٢٤٣)].

(٤٢٣) لە بەر فەرموودەکەی (زَيْدُ بنُ ثَابت) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **تَسَحَّرْنَا مَعَ النَّبِيِّ ( ﷺ) ثُمَّ قَامَ إِلَى الصَّلَاةِ ، قَالَ أَنَس: قُلْتُ: كَمْ كَانَ بَيْنَ الأَذَانِ وَالسُّحُورِ ؟ قَالَ: قَدْرُ خَمْسِيْنَ آيَةً** )) واتە: لە گەڵ پێغەمبەری خوادا ( ﷺ) پارشێومان کرد ، پاشان هەڵسا بۆ نوێژ – نوێژی بەیانی – ، (أَنَس) (خوای لێ رازی بێت) فەرمووی: منیش پێم ووت: ماوەی نێوان بانگ و پارشێوەکە چەندێك بوو ؟ فەرمووی: بە ئەندازەی خوێندنەوەی پەنجا(٥٠) ئایەت بوو [رواه البخاري (١٩٢١/١٣٨/٤) ومسلم (١٠٩٧/٧٧١/٢) وغيرهما] .

**تێبینی:**

وە ئەگەر دەنگی بانگی بیست وخواردن یان خواردنەوەی بە دەستەوە بوو ، ئەو دەتوانێت لێی بخوات و بخواتەوە ، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَةَ) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( **إِذَا سَمِعَ أَحَدُكُم النِّدَاءَ وَالإِنَاءُ عَلَى يَدِهِ فَلاَ يَضَعْهُ حَتَّى يَقْضِيَ حَاجَتَهُ مِنْهُ** )) واتە: ئەگەر یەکێکتان دەنگی بانگی بیست و پەرداخەکەی بە دەستەوە بوو ، ئەوە با دای نەنات تا پێویستی خۆی لێ بەجێ دەهێنێت [رواه أبو داود (٢/رقم/٢٣٥٠) والحاكم (٤٢٦/١) وهو حديث صحيح ، بڕوانە المشكاة(١٩٨٨) السلسلة الصحيحة(١٣٩٤) وصحيح الجامع (٦٠٧)].

**وخۆگرتنەوە لە کار و گوفتاری خراپ وبێ سوود[٤٢٤]، وزیاتر کۆشش کردن لە پەرستن وقورئان خوێندندا[٤٢٥]، وپەلە کردن لە شکاندنیدا پاش خۆر ئاوا بوون[٤٢٦] ،**

(٤٢٤) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **مَنْ لَمْ يَدَعْ قَوْلَ الزُّوْرِ وَالعَمَلَ بِهِ ، فَلَيْسَ لِلَّهِ حَاجَةٌ فِي أَنْ يَدَعَ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ** )) واتە: هەر کەسێك واز نەهێنێ لە ووتە و کرداری خراپ و درۆ ، ئەوە خوای گەورە هیچ پێویستی بەو نییە واز لە خواردن و خواردنەوەی بێنێ [رواه البخاری (١١٦/٤/١٩٠٣) وأبو داود (٤٨٨/٦/٣٤٥ مع العون) وغيرهما].

(٤٢٥) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **كَانَ رَسُوْلُ اللهِ ( ﷺ) أَجْوَدَ النَّاسِ ، وكَانَ أَجْوَدُ مَا يَكُوْنُ فِي رَمَضَانَ حِيْنَ يَلْقَاهُ جِبْرِيْلُ ، وكَانَ يَلْقَاهُ فِي كُلِّ لَيْلَةٍ مِنْ رَمَضَانَ فَيُدَارِسُهُ القُرْآنَ ، فَلَرَسُوْلُ اللهِ ( ﷺ) أَجْوَدُ بِالخَيْرِ مِنَ الرِّيْحِ المُرْسَلَةِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) لە هەموو خەڵکی خێراتر و سەخی تر بوو لە چاکە کردندا ، وە لە ڕەمەزاندا لە هەموو کاتەکانی تر خێراتر دەبوو لە چاکە کردندا ، کاتێك کە(جِبْرِيْل)ی پێ دەگەیشت ، وە (جِبْرِيْل) (عَلَيْهِ السَّلام) لە هەموو شەوێکی ڕەمەزاندا پێی دەگەیشت ، تا تەواو دەبوو ، پێغەمبەری خوا ( ﷺ) قورئانی بە سەردا دەخوێندەوە ، جا ئەگەر ( جِبْرِيْل) پێی بگەیشتایە لە بای تیژ خێراتر دەبوو لە چاکەکردندا [رواه البخاری (٣٠/١/٦) ومسلم (١٨٠٣/٤/٢٣٠٨)].

(٤٢٦) لە بەر فەرموودەکەی (سَهْلُ بْنُ سَعْد) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ يَزَالُ النَّاسُ بِخَيْرٍ مَا عَجَّلُوا الفِطْرَ** )) واتە: بەردەوام خەڵکی لە خێردان تا پەلە لە ڕۆژوو شکاندن(إِفطَار)دا بکەن [رواه البخاری (١٩٨/٤/١٩٥٧) ومسلم (٧٧١/٢/١٠٩٨) وغيرهما].

وە سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وا بووە ، ئەگەر بە ڕۆژوو بوایە فەرمانی بە پیاوێك دەکرد سەر بکەوتایەتە سەر شتێك ، جا ئەگەر بیوتایە خۆر ئاوا بوو ڕۆژووی دەشکاند [رواه إبن خزيمة (٢٠٦١) والحاكم (٤٣٤/١) وصححه على شرط الشيخين بروانه صفة الصوم النبى (ﷺ) (ل٤٠) ، وە لەم بارەیەوە فەرموودە و (آثار) ی تر زۆرە بڕوانە صفة الصوم النبى (ﷺ) (ل٦٢-٦٤)].

**وەسوننەتە بە خورمای تەڕ بیشکێنێت ئەگەر هەبوو یان بە هەر خورمایەکیتر یان بە چەند قومێکی ئاو ئەگەر خورما نەما[٤٢٧] وە لە کاتی شکاندنیشیدا دوعای خێر بکات[٤٢٨].**

## ئەوانەی بۆ ڕۆژوو وان دروستە

## ( مَا يُبَاحُ للصَّائم )

**خــۆ فێنــك كردنـــەوە بـــە ئـــاو(٤٢٩)، وئـــاو هەڵدانـــە دەم لووتـــدا بە بێ هەڵمژین(٤٣٠)،**

(٤٢٧) له بـەر فەرموودەكـەی (أَنَس) (خـوای لێ رازی بێـت) كـەوا فـەرمووی: (( **كَانَ رَسُوْلُ الله ( ﷺ) يُفْطِرُ عَلَى رُطَبَاتٍ قَبْلَ أَنْ يُصَلِّي ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ رُطَبَاتٌ فَعَلَى تَمرَاتٍ ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ حَسَا حَسَوَاتٍ مِنْ المَاءِ** )) واته: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) ڕۆژووی بـه چـەند تەڕە خورمایەك دەشكاند پێش ئەوەی نوێژ بكات ، جا ئەگەر تەڕە خورما نەبووایه ئەوە بە چەند خورمایەك – لە جۆرەكانی تر– وە ئەگەر ئـەویش نەبوایـە ئـەوە چـەند قومێك ئـاوی دەخواردەوە [رواه أبو داود(٢/رقم/٢٣٥٦) والترمذي(٢/١٠٢/٦٩٢) وهو حديث حسن صحيح ، بروانه صحيح أبی داود(٢٠٦٥)].

(٤٢٨) لـە بـەر فەرموودەكـەی (إِبْـنُ عُمَـر) (خوایـان لێ رازی بێـت) كـەوا فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا ( ﷺ) ئەگـەر ڕۆژووی بـشكاندایە دەیفـەرموو: (( **ذَهَـبَ الظَمَـأُ وَابْتَلَّـتِ العُرُوْق ، وَثَبَتَ الأَجْرُ إِنْ شَاءَ الله** )) [رواه أبو داود (٦/٤٨٢/٢٣٤٠) وهو حـديث حـسن بروانـه صـحيح أبی داود (٢٠٦٦)].

(٤٢٩) له بەر فەرموودەكەی (أَبُوبَكْر بْـن عَبْـدالرَّحْمَن) (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) لـە هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) (خوایان لێ رازی بێـت) كـەوا فەرموویـەتی: (( **لَقَدْ رَأَيْتُ رَسُوْلَ الله ( ﷺ) بِالعَرْجِ يَصُبُّ عَلَى رَأْسِهِ المَاءَ وَهُوَ صَائِمٌ مِنَ العَطَشِ أَوْ مِنَ الحَرِّ** )) واته: بینیم پێغەمبەری خوا ( ﷺ) ئاوی دەكردە سەریا و بەڕۆژوویش بوو ، له تینوێتیدا یان لە گەرمادا [رواه أحمد (٥/٣٧٦) وأبوداود (٢/رقم/٢٣٦٥) وهو حديث صـحيح ، بروانـە صـحيح أبی داود (٢٠٧٢)].

وە لە بەر فەرموودەكەی (عَائِشَة و أُمِّ سَلَمَة) (خوایان لێ رازی بێت) فـەرموویان: (( **أَنَّ رَسُوْلَ الله ( ﷺ) كَانَ يُدْرِكُهُ الفَجْرُ وَهُوَ جُنُبٌ مِنْ أَهْلِهِ ثُمَّ يَغْتَسِلُ وَيَصُوْمُ** )) واتـە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) بەرە بەیانی بە سەردا دەهات و لەش گرانیش بوو لە – جیماع كردن لە گەڵ – خێزانەكانی ، پاشان خۆی دەشۆرد و بە ڕۆژوویش دەبوو – واتە بەردەوام دەبوو لە ڕۆژوو گرتنەكەیدا و نەیدەشكاند – [رواه البخاری (٤/١٤٣/١٩٢٦) ومسلم (٤/٧٧٩/١١٠٩) وغيرهما].

(٤٣٠) لە بەر فەرموودەكەی (لَقِيْطُ بنُ صَبْرَة) (خوای لێ رازی بێـت) كـەوا پێغەمبـەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( .. **وَبَالِغْ فِي الإِسْتِنْشَاقِ إِلاَّ أَنْ تَكُوْنَ صَائِماً** )) واتە: ... وە لە

ئاو هەڵدانە لووتتدا زیادە ڕەوی بکە مەگەر بە ڕۆژوو ببیت – واتە ئەگەر بە ڕۆژوو بویت ئەوە (مُبَالَغَة) مەکە – [رواه أبو داود (١/٢٣٦/١٤٤) وهو حديث صحيح ، بڕوانە صحيح أبي داود (١٣١)].

**وکەڵە شاخ وخوێن گرتن[٤٣١]، وماچ کردنی خێزان بۆ کەسێك خۆگر بێت[٤٣٢]، ومانەوە بە لەش گرانی[٤٣٣]، وبەردەوام بوون لە سەر ڕۆژووەکەی تا پارشێوی ڕۆژی داهاتوو نەك زیاتر[٤٣٤]، وسیواك کردن وبۆن خۆ خۆش کردن وڕۆن لە خۆدان[٤٣٥].**

---

(٤٣١) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **إِحْتَجَمَ النَّبِيُّ** ( ﷺ) **وَهُوَ صَائِمٌ** )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) کەڵە شاخ(حِجَامَە)ی کرد لە کاتێکدا کە بە ڕۆژوویش بوو [رواه البخاري (٤/١٧٤/١٩٣٩) وأبوداود (٦/٤٩٨/٢٣٥٥) و الترمذي (٢/١٣٧/٧٧٢) بزيادە (( ..**وَهُوَ مُحْرِمٌ** )) واتە: وە لە کاتێکدا کە لە ئیحرامیشدا بوو ].

## تێبینی:

بەڵام ئەگەر ترسا لە خۆی کەوا بەرگەی نەگرێت ، ئەوە باش نییە(حِجَامَة) بکات ، (ثَابِتُ البناني) دەفەرمێ : پرسیار لە (أَنَسُ بنُ مَالِك) کرا (خوای لێ ڕازی بێت): (( **أَكُنْتُمْ تَكْرَهُوْنَ الحِجَامَةَ لِلصَّائِمِ** ؟ )) واتە: ئایا ئێوە کەڵە شاخ کردنتان بە باش نەدەزانی بۆ ڕۆژووان ؟ (أَنَس)یش فەرمووی: (( **لاَ ، إِلاَّ مِنْ أَجْلِ الضَّعْفِ** )) واتە: نەء ، مەگەر لە بەر لاوازی [رواه البخاري ( ٤/١٧٤/١٩٤٠)].

وە بە هەمان شێوە بۆ کەسێکیش بیەوێت خوێن ببەخشێت ئەگەر لە خۆی ترسا ، ئەوە باش نییە بە ڕۆژوو بێت و خۆێن بدات .

(٤٣٢) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **كَانَ النَّبِيُّ** (ﷺ) **يُقَبِّلُ وَيُبَاشِرُ وَهُوَ صَائِمٌ ، وَكَانَ أَمْلَكَكُمْ لِإِرْبِهِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ماچی – خێزانەکانی – دەکرد و نزیکیانیش دەکەوتەوە لە کاتێکدا کە بە ڕۆژوویش بوو ، وە ئەو لە هەمووتان خۆگر تر بوو [رواه البخاري (٤/١٤٩/١٩٢٧) ومسلم (٢/٧٧٧/١١٠٦) وغيرهما].

(٤٣٣) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة وَ أُمِّ سَلَمَة) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٤٢٩).

(٤٣٤) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد الخُدْرِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا بیستی پێغەمبەری خوا ( ﷺ) دەیفەرموو: (( **لاَ تُوَاصِلُوْا ، فَأَيُّكُمْ أَرَادَ أَنْ يُوَاصِلَ فَلْيُوَاصِلْ**

**حَتَّى السَّحَر** )) واتە: بەردەوام مەبن – لە سەر ڕۆژوو گرتن بە بێ شکاندن دوو ڕۆژ بە سەر یەکدا – جا ئەگەر یەکێکتان ویستی بەردەوام ببێت ، با بەرودەوام بێت تا پارشێو– ی ڕۆژی داهاتوو – ، ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا خۆت بەردەوام دەبیت – دوو ڕۆژ بە سەر یەکدا – ، فەرمووی: (( **لَسْتُ كَهَيْئَتِكُمْ ، إِنِّي أَبِيْتُ لِيْ مُطْعِمٌ يُطْعِمُنِي وَسَاقٍ يَسْقِيْنِ** )) واتە: من وەکو ئێوە نیم ، من شەو دەمێنمەوە خواردن بەخشێك – خوای گەورە – تێرم دەکات و ئاو بەخشێك تینوێتیم دەشکێنێت [رواه البخاري (١٩٦٧/٢٠٨/٤) وأبو داود (٢٣٤٤/٦٨٧/٦ مع العون)].

(٤٣٥) بنەڕەت لە بە کار هێنانی ئەم شتانەدا حەڵاڵو سوننەتە.. وە هیچ بەڵگەیەکیش نییە لەو بنەڕەتە لای بدات .

# ڕۆژووی سوننەت

## ( صِيَامُ التَّطَوّع )

**شەشەڵە – شەش ڕۆژی مانگی(شَوَّال) – [٤٣٦]، و نۆمینەی حاجیان – نۆ ڕۆژی یەکەمی مانگی(ذُو الحِجَّة) – بە گشتی[٥٣٧] ، و ڕۆژی عەرەفە _ کە نۆیەم ڕۆژە _ بە تایبەتی[٤٣٨] ، بۆ کەسێك لە حەجج دا نەبێت[٤٣٩] ،**

**تێبینی :**

هەروەها کل و قەترە لە چاو کردن و دەرزی لێ دانیش دروستە ، بە مەرجێك دەرزییەکە بۆ خۆراك دان نەبێت ، چونکە ئەگەر بۆ خۆراك دان بێت ئەوە وەکو خواردن وخواردنەوەیە و ڕۆژوو دەشکێنێت ، بڕوانە [(فقه الصيام في الإسلام) لأحمد مصطفى سليمان (ل: ١١٦–١٢١) و(حقيقة الصيام) لشيخ الإسلام إبن تيمية وه (زاد المعاد) لإبن القيم الجوزية]. وە ئیمامی (البُخَارِي) فەرموویەتی: **وَ لَمْ يَرَ أَنَس وَالحَسَن وَإِبْرَاهِيْم بِالكُحْلِ لِلصَّائِمِ بَأْسَاً** [صحيح البخاري (١٥٣/٤) مع الفتح].

(٤٣٦) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو أَيُّوب الأَنْصَارِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) فەرمووی: (( **مَنْ صَامَ رَمَضَانَ ، ثُمَّ أَتْبَعَهُ سِتَّاً مِنْ شَوَّالٍ ، كَانَ كَصِيَامِ الدَّهْرِ** )) واتە: هەر یەکێك ڕەمەزان بگرێت ، پاشان شەش ڕۆژی شەوال بە دوایدا بگرێت ، وەك ئەوە وایە هەموو ژیانی بە ڕۆژوو بوو بێت [رواه مسلم (١١٦٤/٨٢٢/٢) وابو داود (٢٤١٦/٨٦/٧ مع العون) وغيرهما].

(٤٣٧) لە بەر فەرموودەکەی (هُنَيْدَةُ بنُ خَالد) لە خێزانەکەیەوە ئەویش لە هەندێك لە خێزانەکانی پێغەمبەری خواوە (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **كَانَ رَسُوْلُ الله** (ﷺ) **يَصُوْمُ تسعَ ذِيْ الحجَّةِ ، وَيَوْمَ عَاشُوْرَاءَ ، وَثَلاَثَةَ أَيَّامٍ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ أَوَّلَ إثْنَيْنِ مِنَ الشَّهْرِ وَالخَمِيْسَ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژووی نۆ ڕۆژی (ذُو الحِجَّة) و ڕۆژووی عاشورا و سێ ڕۆژی لە هەموو مانگێکدا – یەکەم دووشەممەی مانگ وپێنج شەممەی – دەگرت [رواه أبو داود(٢/٨١٥/٢٤٣٧) وغيره ، وهو حديث حسن ، حسنه الشيخ عبد القادر الأرناؤوط في تخريج جامع الأصول(٦/٣٢٠) ].

(٤٣٨) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو قَتَادَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد دەربارەی ڕۆژوو گرتن لە ڕۆژی عەرەفەدا ؟ ئەویش فەرمووی : (( **يُكَفِّرُ السَّنَةَ المَاضِيَةَ وَالبَاقِيَةَ** )) واتە: تاوانی ساڵی پێشوو وساڵی داهاتوو دادەپۆشێت . وە پرسیاریان لێ کرد لە بارەی ڕۆژوو گرتن لە ڕۆژی (عَاشُورَاء) دا ؟ ئەویش فەرمووی: (( **يُكَفِّرُ السَّنَةَ المَاضِيَةَ** )) واتە: تاوانی ساڵێکی پێشوو دادەپۆشێت [رواه مسلم (٢/٨١٨/١١٦٢)].

(٤٣٩) لە بەر فەرموودەکەی (أُمِّ فَضْل بِنْت الحَارث) (خوای لێ رازی بێت) (( **أَنَّ نَاساً تَمَارَوْا عِنْدَهَا يَوْمَ عَرَفَةَ فِي صَوْمِ النَّبِيِّ** (ﷺ) ، **فَقَالَ بَعْضُهُمْ: هُوَ صَائِمٌ ، وَقَالَ بَعْضُهُمْ: لَيْسَ بِصَائِمٍ . فَأَرْسَلْتُ إِلَيْهِ بِقَدَحِ لَبَنٍ وَهُوَ وَاقِفٌ عَلَى بَعِيْرِهِ فَشَرِبَهُ** )) واتە: خەڵکانێك لە لایدا دوو بەرەکییان دەکرد لە ڕۆژی عەرەفەدا لە بارەی ڕۆژووی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) جا هەندێکیان ووتیان: ها بە ڕۆژوو ، وە هەندێکی تریشیان ووتیان : بە ڕۆژوو نییە ، جا منیش پەرداخێکی شیرم بۆ نارد ، وە ئەو وەستابوو بە سەر ووشترەکەیەوە لە – کێوی – عەرەفەدا ، جا لێی خواردەوە [رواه البخاري (٤/٢٣٦/١٩٨٨) ومسلم (٢/٧٩١/١١٢٣) وغيرهما].

**وە مانگی(مُحَرَّم) بە گشتی**[٤٤٠] **، و ڕۆژی نۆیەم و دەیەم(عَاشُوْرَاء)ی بە تایبەتی**[٤٤١]**، وە زۆربەی ڕۆژەکانی مانگی(شَعْبَان)**[٤٤٢] **، و ڕۆژانی دوو شەممە و پێنج شەممەی هەموو هەفتەیەك**[٤٤٣]**،**

(٤٤٠) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **أَفْضَلُ الصِّيَامِ بَعْدَ رَمَضَانَ شَهْرُ اللهِ المُحَرَّمُ ، وَأَفْضَلُ الصَّلاَةِ بَعْدَ**

**الفَرِيْضَةِ صَلاَةُ اللَّيْلِ** )) واتە: باشترین رۆژوو لە پاش رەمەزان مانگی خوای موحەڕڕەمە ، وە باشترین نوێژ پاش فەرزەکان شەو نوێژییە [رواه مسلم (١١٦٣/٨٢١/٢) وابوداود (٢٤١٢/٨٢/٧ مع العون ) وغيرهما].

(شَهْرُ الله): مانگی خوا لە بەر پیرۆزی وای پێ دەوترێت ، هەر وەکو بە کەعبەی پیرۆز دەڵێن (بَيْتُ الله) واتە: ماڵی خوا ، وە بە ووشترە موعجیزەکەی پێغەمبەر (صَالِح)یش (ﷺ) دەوترێت (نَاقَة الله) ..هتد .

(٤٤١) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو قَتَادَة) (خوای لێ رازی بێت) بڕوانە (پ٤٣٨).

وە فەرموودەکەی (غَطَفَانُ بنُ طَرِيْف المُرى) کەوا فەرمووی: بیستم (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) دەیفەرموو: کاتێك پێغەمبەری خوا ( ﷺ) رۆژووی عاشورای گرت و فەرمانی بە گرتنی کرد – لە پێشدا پێویست(وَاجِب) بوو ، بەڵام پاش فەرز بوونی رەمەزان بوو بە سوننەت – ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە رۆژێکە جوولەکە وگاوور بە گەورەی دەزانن ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **فَإِذَا كَانَ العَامُ المُقْبِل إِنْ شَاءَ اللهُ صُمْنَا اليَوْمَ التَّاسِع** )) واتە: جا ئەگەر ساڵی داهاتوو هاتەوە ( إِنْ شَاءَ الله ) نۆیەم رۆژیش دەگرین . (إِبْنُ عَبَّاس) فەرمووی: جا ساڵی داهاتوو نەهات ، تا پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد [رواه مسلم (١١٣٤/٧٩٧/٢) و أبوداود (٢٤٢٨/١١٠/٧ مع العون)].

(٤٤٢) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **مَا رَأَيْتُ رَسُوْلَ اللهِ ( ﷺ) إِسْتَكْمَلَ صِيَامَ شَهْرٍ قَطُّ إِلاَّ شَهْر رَمَضَانَ ، وَمَا رَأَيْتُهُ فِي شَهْرٍ أَكْثَرَ مِنْهُ صِيَامَاً فِي شَعْبَانَ** )) واتە: نەمبینیوە پێغەمبەری خوا ( ﷺ) هەرگیز رۆژووی هیچ مانگێك تەواو بکات جگە لە مانگی رەمەزان ، وە نەشمبینیوە لە هیچ مانگێکدا زۆر تر رۆژووی تێدا بگرێت وەك مانگی شەعبان [رواه البخاری (١٩٦٩/٢١٣/٤) ومسلم (١١٥٦/٨١٠/٢) وغيرهما].

(٤٤٣) لە بەر فەرموودەکەی (أُسَامَةُ بنُ زَيْد) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ)رۆژووی رۆژی دوو شەممەو پێنج شەممەی دەگرت ، وە پرسیاری لێ کرا لەو بارەوە ، ئەویش فەرمووی: (( **إِنَّ أَعْمَالَ العِبَادِ تُعْرَضُ يَوْمَ الإِثْنَيْنِ وَالخَمِيْس** )) واتە: بە ڕاستی لە رۆژی دوو شەممە وپێنج شەممەدا کردەوەی بەندەکان پیشانی خوای گەورە دەدرێت [رواه أبو داود(٢/رقم/٢٤٣٦) واللفظ لە ، والترمذي(١/رقم/٧٤٥) والنسائي(رقم/٢٣٥٧) وإبن ماجة(١/رقم/١٧٣٩) بألفاظ مختلفة وهو حديث صحيح ، بڕوانە صحيح أبى داود (٢١٢٨) والإرواء(٤/١٠٥_١٠٦)].

و ڕۆژە سپییەکان – سیازدە وچواردە و پازدەی هەموو مانگێك – (٤٤٤)، و ڕۆژوو گرتنی ڕۆژ نا ڕۆژێك(٤٤٥).

## ئەو ڕۆژانەی کە ڕۆژوو گرتنی تێدا قەدەغە کراوە

## (الأيَّامُ الَّتي نُهي الصِّيَامُ فِيْهَا)

ڕۆژی هەر دوو جەژنەکە – جەژنی ڕەمەزان وقوربان – (٤٤٦)، سێ ڕۆژی دوای جەژنی قوربان – ڕۆژانی(تَشْرِيْق) – (٤٤٧)،

(٤٤٤) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عَمْرُو) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرمووم: (( صُمْ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ ثَلاثَةَ أَيَّامٍ ، فَإِنَّ الحَسَنَةَ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا ، وَذَلِكَ مِثْلُ صِيَامِ الدَّهْرِ )) واتە: لە هەموو مانگێکدا سێ ڕۆژ ڕۆژوو بگرە ، وە بێ گومان چاکە بە دە(١٠) ئەوەندەی خۆیەتی لای خوای گەورە ، جا ئەوە وەك ئەوەیە هەموو ژیان بە ڕۆژوو بوو‌بێت [رواه البخاري (١٩٧٦/٢٢٠/٤) ومسلم (١١٥٩/٨١٢/٢) وغيرهما].

وە فەرموودەکەی (أَبُو ذَرّ) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( يَا أَبَا ذَرّ ، إِذَا صُمْتَ مِنَ الشَّهْرِ ثَلاثَةَ أَيَّامٍ ، فَصُمْ ثَلاثَ عَشْرَةَ وَأَرْبَعَ عَشْرَةَ وَخَمْسَ عَشْرَةَ )) واتە: ئەی (أَبو ذَرّ) ئەگەر لە مانگێکدا سێ ڕۆژ ڕۆژووت گرت ، ئەوە سیازدە و چواردە و پازدە بگرە [رواه الترمذي (٧٥٨/١٣٠/٢) والنسائي (٢٢٢/٤) وهو حديث صحيح بروانه الإرواء(٩٤٧) وصحيح الجامع (٧٨١٧)].

(٤٤٥) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عَمْرُو) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( أَحَبُّ الصِّيَامِ إِلَى اللهِ صِيَامُ دَاوُد ، كَانَ يَصُومُ يَوْمَاً وَيُفْطِرُ يَوْمَاً )) واتە: خۆشەویسترین ڕۆژوو لای خوای گەورە ڕۆژووەکەی – پێغەمبەر – (دَاوُد)ە (عليه السلام) ، کە ڕۆژێك ڕۆژووی دەگرت و ڕۆژێك نەیدەگرت [رواه البخاري (١١٣١/١٦/٣) ومسلم (١١٥٩/٨١٦/٢) وغيرهما].

(٤٤٦) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو عُبَيْد مَوْلَى إِبْنُ أَزْهَر) کەوا فەرمووی: لە گەڵ (عُمَرُ بنُ خَطَّاب)دا (خوای لێ رازی بێت) ئامادەی – نوێژی – جەژن بووم ، جا فەرمووی: (( هَذَانِ يَوْمَانِ نَهَى رَسُوْلُ الله (ﷺ) عَنْ صِيَامِهِمَا: يَوْمُ فِطْرِكُمْ مِنْ صِيَامِكُمْ ، وَاليَوْمُ الآخَرُ تَأْكُلُوْنَ فِيْهِ مِنْ نُسُكِكُمْ )) واتە: ئەم دوو ڕۆژە پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی

کردوە رۆژووی تێدا بگیرێت ، رۆژی (فِطَار) کردنتانە لە رۆژووەکانتان ، وە ئەو رۆژەی تر لە قوربانێکانتان دەخۆن [رواه البخاري (٤/٢٣٨/١٩٩٠) ومسلم (٢/٧٩٩/١١٣٧) وغيرهما].

(٤٤٧) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو مُرَّة مَوْلَى أُمّ هَانِيء) کەوا لە گەڵ (عَبْدُالله بن عَمْرُو) چوونە ژوورەوە بۆ لای باوکی (عَمْرُو بنُ عَاص) (خوای لێ رازی بێت) ، جا خواردنی لێ نزیك کردنەوە ، فەرمووی: بخۆ ، ئەویش فەرمووی : من بە رۆژووم . جا (عَمْرُو) فەرمووی : (( **كُلْ ، فَهَذِهِ الأَيَّامُ الَّتِي كَانَ رَسُوْلُ اللهِ** (ﷺ) **يَأْمُرُنَا بِإِفْطَارِهَا ، وَيَنْهَانَا عَنْ صِيَامِهَا** )) واتە: بخۆ ، ئەم رۆژانە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ دەکردین رۆژووی تێدا نەگرین وقەدەغەی لێ دەکردین بە رۆژوو ببین تێیدا . جا(مَالِك) فەرمووی : ئەو رۆژانە رۆژانی (تَشْرِيْق)ە [رواه أبو داود (٢/رقم/٢٤١٨) وهو حديث صحيح ، بروانە صحيح أبى داود (٢١١٣)].

وە لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَةَ و إِبْنُ عُمَر)( خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرموویانە: (( **لَمْ يُرَخَّصْ فِي أَيَّامِ التَّشْرِيْقِ أَنْ يُصَمْنَ إِلاَّ لِمَنْ يَجِدِ الهَدْيَ** )) واتە: ڕوخسەت نەدراوە لە رۆژانی (تَشْرِيْق)دا رۆژوو بگیرێت ، مەگەر بۆ کەسێك قوربانی نەبێت – لە حجج دا – [رواه البخاري (٤/٢٤٢/١٩٩٧)].

**و رۆژی(جُمعَة) بە تەنها**[٤٤٨]**، و رۆژی شەممە بە تەنها**[٤٤٩]**، و نیوەی دووەمی مانگی(شَعْبَان) مەگەر کەسێك کە کردبێتیْ باو(عَادَة)**[٤٥٠]**، و رۆژی گومان(يَوْمُ الشَّكّ)**[٤٥١]**،**

(٤٤٨) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ يَصُوْمَنَّ أَحَدُكُمْ يَوْمَ الجُمُعَةِ إِلاَّ يَوْماً قَبْلَهُ أَوْ بَعْدَهُ** )) واتە: کەستان رۆژی جومعە رۆژوو مەگرن مەگەر لە گەڵ رۆژێکی پێشیدا یان رۆژێکی پاشیدا [رواه البخاري (٤/٢٣٢/١٩٨٥) ومسلم (٢/٨٠١/١١٤٤) وغيرهما].

(٤٤٩) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن بُسْر السُّلَمِي) لە خوشکەکەیەوە (خوای لێ رازی بێت) دەیگێڕێتەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ تَصُوْمُوا يَوْمَ السَّبْت إِلاَّ فِيْمَا افْتُرِضَ عَلَيْكُمْ ، وَإِنْ لَمْ يَجِدْ أَحَدُكُمْ إِلاَّ لِحَاءَ عِنَبَةٍ ، أَوْ عُوْدَ شَجَرَةٍ فَلْيَمْغَضْهُ** )) واتە: رۆژی شەممە رۆژوو مەگرن مەگەر لەوەی فەرز کرا بێت لە سەرتان ، وە ئەگەر کەسێکتان هیچی دەست نەکەوت تەنها تۆکڵە ترێیەك نەبێت یان چوکڵی دارێك با بیجاوێت [رواه ابو داود (٢/رقم/٢٤٢١) والترمذي (٢/١٢٣/٧٤١) وغيرهما وهو حديث صحيح ، بروانە صحيح أبى داود(٢١١٦)].

(٤٥٠) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إِذَا انْتَصَفَ شَعْبَانُ فَلاَ تَصُومُوْا** )) واتە: ئەگەر مانگی شەعبان نیوە بوو ئەوە ڕۆژوو مەگرن [رواه ابو داود (٢/رقم/٢٣٣٧) والترمذي (٧٣٥/١٢١/٢) وإبن ماجه (١٦٥١/٥٢٨/١) بألفاظ متقاربة وهو حديث صحيح ، بروانە المشكاة(١٩٧٤) وصحيح أبي داود(٢٠٢٥) وصحيح أبن ماجة (١٣٣٩)] .

وە فەرموودەکەی تری (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ يَتَقَدَّمَنَّ أَحَدُكُمْ رَمَضَانَ بِصَوْمِ يَوْمٍ أَوْ يَوْمَيْنِ ، إِلاَّ أَنْ يَكُوْنَ رَجُلٌ كَانَ يَصُوْمُ صَوْمَهُ فَلْيَصُمْ ذَلِكَ اليَوْم** )) واتە: کەس ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ پێش ڕەمەزان ڕۆژوو نەگرێت ، مەگەر پیاوێك ڕۆژوویەکی گرتوە و کردویەتی بە(عَادَة) ، ئەوە بۆی هەیە ئەو ڕۆژە بگرێت [رواه البخاري (١٩١٤/١٢٧/٤) ومسلم (١٠٨٢/٧٦٢/٢) وغيرهما].

(٤٥١) لە بەر فەرموودەکەی (عَمَّارُ بنُ يَاسر) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **مَنْ صَامَ اليَوْمُ الَّذِي يَشُكُّ فِيْهِ فَقَدْ عَصَى أَبَا القَاسِمِ** (ﷺ) )) واتە: هەر کەسێك ڕۆژوو لەو ڕۆژەدا بگرێت کە گومانی تێدا هەیە – ڕەمەزانە یان نەء– ئەوە بێ گوێیی (أَبُو القَاسِم)ی کردوە (ﷺ) [رواه الترمذي(٦٨١/٩٧/٢) وأبو داود(٢/رقم/٢٣٣٤) وإبن ماجه(٢/رقم/١٦٤٥) وغيرهما وهو حديث صحيح ، بروانە الإرواء(٩٦١) وصحيح أبي داود(٢٠٢٢)و صحيح إبن ماجة (١٣٣٤) وصحيح الترمذي(٥٥٣)].

**و ڕۆژووی کەسێك هەموو ڕۆژانی ساڵ بگرێت[٤٥٢] ، ئەگەر چی ڕۆژە قەدەغە کراوەکانیشی نەگرێت[٤٥٣] ، وڕۆژووی – سوننەتی – ئافرەتێکیش کە پیاوەکەی لە ماڵدا بێت مەگەر بە پرسی ئەو[٤٥٤] .**

(٤٥٢) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عَمْرُو) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) پێی فەرمووم: (( **يَا عَبْدَ اللهِ بنَ عَمْرُو ! إِنَّكَ لَتَصُوْمُ الدَّهْرَ وَتَقُوْمُ الدَّهْرَ وَتَقُوْمُ اللَّيْلَ ، وَإِنَّكَ إِذَا فَعَلْتَ ذَلِكَ هَجَمَتْ لَهُ العَيْنُ وَنَهَكَتْ ، لاَ صَامَ مَنْ صَامَ الأَبَدِ** )) واتە: ئەی (عَبْدُالله بن عَمْرُو)! تۆ هەموو ژیانت بە ڕۆژوو دەبیت ، وە بە شەویش شەو نوێژی دەکەیت ، وە تۆ ئەگەر ئەوە بکەیت ئەوە چاوت لاواز دەبێت وتیا دەچێت ، ڕۆژووی کەسێك دروست نییە هەموو ژیانی بە ڕۆژوو بووبێت [رواه البخاري (١٩٧٩/٢٢٤/٤) ومسلم (٢/٨١٥/ ١١٥٩) واللفظ لمسلم].

وە لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو قَتَادَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: ... (عُمَر) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ، چۆنە کەسێك هەموو ژیان بە رۆژوو بێت ؟ جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ صَامَ وَلاَ أَفْطَرَ** )) واتە: رۆژووی نە گرتوە و گرتویشێتی [رواه مسلم (٢/٨١٨/١١٦٢) وأبو داود (٢/رقم/٢٤٢٥) وغيرهما]. کەوا بوو نە بە رۆژوو بۆی دەژمێردرێت تا پاداشتی بدرێتەوە ، وە نە خواردنیشی خواردوە تا وەکو بڵێی بە رژوو نەبوە .

(٤٥٣) چونکە ئەگەر دروست بوایە تەنها دوو رۆژەکەی جەژن ورۆژانی تەشریق نەگیرێت ئیتر هەموو رۆژانی ژیان بگرێت ، ئەبوایە ئەمە خۆشەویست ترین رۆژوو بوایە لای خوای گەورە نەك رۆژووەکەی (داوُد) (عَلَيْـهِ السَّلاَم) ، چونکە ئەوە کردەوە و تێکۆشانی زیاتر دەوێت تا وەکو رۆژووەکەی (داوُد) ، کەوا بوو ئەو قەدەغە کردنەی (( **لاَ صَامَ مَنْ صَامَ الأَبَد** )) تەنها بۆ رۆژە قەدەغە کراوەکان نییە ، وەك (إِبْنُ القَيِّم) (رەحمەتی خوای لێ بێت) روونی دەکاتەوە و دەفەرمێ: **وَلَيْسَ مُرَادُهُ بِهَذَا مَنْ صَامَ الأَيَّامُ المُحَرَّمَة**... و (حَافِظُ إِبْنُ حَجَر)یش (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە (فتح الباري ٤/١٨٠)دا ، هەر بەم شێوەیە باسی دەکات. بڕوانە [(تمام المنة فى تعليق على فقه السنة) للألباني (ل٤٠٨ ، ٤٠٩)].

(٤٥٤) لە بەر فەرمودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ تَصُمِ المَرأَةُ وَبَعْلُهَا شَاهِدٌ إِلاَّ بِإِذْنِه** )) واتە: نابێت ئافرەت رۆژوو بگرێت و پیاوەکەی ئامادە – لە ماڵدا – بێت مەگەر بە پرسی ئەو [رواه البخاری (٩/٢٩٣/٥١٩٢) ومسلم ( ٢/٧١١/١٠٢٦) وغيرهما].

## مانەوە لە مزگەوتدا بۆ خواپەرستی
## ( الإِعْتِكَاف )

**مانەوە لە مزگەوتدا لە هەموو کاتێکدا سوننەتە(٤٥٥)، بەڵام لە رەمەزاندا زیاتر جەخت(تَأْكِيْد)ی لە سەر کراوە ، بە تایبەتی لە دە(١٠) رۆژی دواییدا(٤٥٦)، وە سوننەتە لەو ماوەیەدا خۆی خەریك بکات بە خوا پەرستنەوە ، لە نوێژکردنو قورئان خوێندنو زیکر کردن و... هتد(٤٥٧)، وە دروستە لە**

**مزگـەوت دەربـچێت بـۆ بـە جـێ هێنـانی پێویـستیەکانی وەك دەسـت بـە ئـاو گەیاندن(٤٥٨)،**

(٤٥٥) لە بەر ئەوەی (( **كَانَ النَّبِيُّ(ﷺ) يَعْتَكِفُ فِي العَشْرِ الأَوَاخِرِ مِنْ رَمَضَانَ ... ثُمَّ اعْتَكَفَ عَشْراً مِنْ شَوَّال** )) واتە: پێغەمبەری خـوا (ﷺ) لـە دە(١٠)ڕۆژی کۆتـایی مانگی ڕەمەزاندا (إعتکاف)ی دەکرد ... پاشان لە(شَوَّال)دا دە(١٠) ڕۆژ (إعتکـاف)ی کـرد [رواه البخاری (٤/رقم/ ٢٠٣٣) ومسلم (٢/٨٣٢/١١٧٣)].

وە لە بەر فەرموودەکەی (عُمَرُ بنُ خَطَّاب) (خوای لێ ڕازی بێت) کـەوا بـە پێغەمبـەری خوای (ﷺ) ووت: ئەی پێغەمبـەری خـوا مـن لـە کـاتی نەفامیـدا نـەزرم کردبـوو شـەوێك لـە مزگەوتی حەرامدا (إِعْتِكَاف) بکەم ؟ ئەویش فەرمووی: (( **أَوْفِ بِنَذْرِكَ** )) واتە: نەزرەکـەت بە جێ بێنە [رواه البخاری (٤/رقم/٢٠٣٢) ومسلم (٣/ رقم/ ١٦٥٦)].

(٤٥٦) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **كَانَ النَّبِيُّ ( ﷺ) يَعْتَكِفُ فِي كُلِّ رَمَضَانٍ عَشْرَةَ أَيَّام ، فَلَمَّا كَانَ العَامُ الَّذِي قُبِضَ فِيْهِ إِعْتَكَفَ عِشْرِيْنَ يَوْمَاً** )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) لـە هـەموو ڕەمەزانێکدا دە(١٠)ڕۆژ (إِعْتِكَاف)ی دەکرد ، بەڵام لەو ساڵەیدا کە گیانی تێدا کێشرا ، بیـست(٢٠) ڕۆژ (إِعْتِكَـاف)ی کرد [رواه البخاری (٤/رقم/٢٠٤٤)].

وە فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کـەوا فـەرمووی: (( **أَنَّ النَّبِيَّ ( ﷺ) كَانَ يَعْتَكِفُ العَشْرَ الأَوَاخِرَ مِنْ رَمَضَانَ حَتَّى تَوَفَّاهُ اللهُ تَعَالَى ، ثُمَّ اعْتَكَفَ أَزْوَاجُهُ مِنْ بَعْدِهِ** )) واتـە: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـە دە(١٠) ڕۆژی دوایـی ڕەمەزانـدا (إِعْتِكَـاف)ی دەکرد تا خوای گەورە گیانی کێشا ، پاشان خێزانەکانی پـاش خـۆی (إِعْتِكَـاف)یـان دەکـرد [رواه البخاری (٤/رقم/٢٠٢٦) ومسلم (٢/٨٣١/١١٧١)].

(٤٥٧) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: (( **كَانَ النَّبِيُّ ( ﷺ) إِذَا دَخَلَ العَشْر شَدَّ مِئْزَرَهُ ، وَأَحْيَا لَيْلَهُ ، وَأَيْقَظَ أَهْلَهُ** )) واتـە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) ئەگەر بچوایەتە ناو دە(١٠) – ڕۆژی دوایی ڕەمەزان – ەوە خـۆی لێ تونـد دەکـرد و شـەوەکانی زینـدو دەکـردەوە و کـەس و کـاری هەڵدەسـاندا [رواه البخاری (٤/٢٦٩/٢٠٢٤) ومسلم (٢/٨٣٢/١١٧٤)].

(٤٥٨) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: (( **وَإِنْ كَانَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) لَيُدْخِلُ عَلَيَّ رَأْسَهُ وَهُوَ فِي المَسْجِدِ فَأُرَجِّلُهُ ، وَكَانَ لاَ يَدْخُلُ**

**البَيْتَ إِلاَّ لِحَاجَةٍ إِذَا كَانَ مُعْتَكِفاً** )) واتـە: وە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) سـەری دەكـردە ژوورەكەمدا ، وە لە مزگەوتیشدا (إِعْتِكَـاف)ی كردبـوو ، جـا سـەریم بـۆ شـانە دەكـرد – لـە ریوایەتێكی تردا : جا بۆیم دەشۆرد – وە لە نێوان من و ئەودا تەنها دەرگای ماڵ بـوو ، وە منیش لە حەیزدا بووم ، وە ئەگەر (إِعْتِكَاف)ی بكردایە ، نەدەهاتـە ژووری ماڵـەوە ، مەگـەر بۆ پێویستیەكی مرۆڤ [رواه البخاری ( ٢٠٢٩/٢٧٣/٤) ومسلم (٢٩٧/٢٤٤/١) وە بڕوانە جامع الأصول لأبن أثـير (٣٤١/١)].

**وە هـەروەها دەتوانێـت جێگایـەك لـە مزگەوتـدا ڕابخـات[٤٥٩]، وە خێزانیـشی سـەردانی بكـات[٤٦٠]، وە لـە گەڵیـشیدا (إِعْتِكَـاف)بكـات لـە مزگەوتـدا[٤٦١]، وە ئەوەیـشی (إِعْتِكَـاف) بـەتاڵ دەكاتـەوە: جـووت بـوون(جیمـاع كـردن)[٤٦٢] ، و دەرچوون لە مزگەوت ئەگەر پێویست نەبوو[٤٦٣].**

(٤٥٩) لە بەر فەرموودەكەی ( إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا فـەرمووی: (( **أَنَّ النَّبِيَّ ( ﷺ) كَانَ إِذَا إِعْتَكَفَ طُرِحَ لَهُ فِرَاشٌ أَوْ يُوْضَعَ لَهُ سَرِيْرٌ وَرَاءَ إِسْطُوَانَةُ التَّوْبَةِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) ئەگەر (إِعْتِكَاف)ی بكردایـە جێگایـەكیان بـۆ ڕادەخـست لـە پشتی دنگەی (التوبە)وە [أخرجه إبن ماجة في الزوائد (٦٤٢) والبيهقي وسنده حسن ، بڕوانـە صـفة الـصوم النبي (ﷺ) (ل: ٩٤)].

(٤٦٠) لە بەر فەرموودەكەی (صَفِيَة) (خوای لێ ڕازی بێـت) : پێغەمبـەری خـوا ( ﷺ) (إِعْتِكَاف)ی كردبوو ، جا منیش هاتم سەردانی بكەم بە شەو ، جا ساتێك لـە گەڵیـدا گفـت و گۆم كرد ، پاشان هەڵسام بگەڕێمـەوە ، ئـەویش لـە گەڵمـدا هەڵـسا ڕەوانـەم بكاتـەوە ، تـا دەرگای مزگەوت ئەودەرگایـەیان كـە لای دەرگاكـەی (أُمِّ سَلَمَە)وە بـوو ، جـا دوو پیـاو لـە (أَنْـصَار)ێكـان تێپـەڕ بـوون ، كاتێـك پێغەمبـەریان ( ﷺ) بینـی پەلـەیان كـرد ، پێغەمبـەریخوایش ( ﷺ) فـەرمووی: (( **عَلَى رِسْلِكُمَا ، إِنَّمَا هِيَ صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَيٍّ** )) واتە: لە سەر خۆتان ئەمە (صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَى)یە . ئـەوانیش ووتیـان: (سُبْحَانَ الله) ، ئـەی پێغەمبەری خوا ! ئەویش فەرمووی: (( **إِنَّ الشَّيْطَانَ يَبْلُغُ مِنْ الإِنْسَانِ مَبْلَغَ الدَّمِ ، وَإِنِّي خَشِيْتُ أَنْ يَقْذِفَ فِي قُلُوْبِكُمْ شَيْئَاً _ أَوْ قَالَ: شَرَّاً _** )) واتـە: بـە ڕاسـتی شـەیتان لـە گەڵ خوێنی ئادەمیزاد دا دێت ودەڕوات ، وە من ترسام شتێك – یـان فـەرمووی: شـەڕێك –

بخاتە دڵتانەوە [رواه البخاري (٤/رقم/٢٠٣٥) ومسلم رقم (٢/رقم/ ٢١٥٧)و ابو داود (٢/رقم/٢٤٧٠) والزيادة الأخيرة له].

(٤٦١) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لیّ رازی بیّت) ، بڕوانە (پ٤٥٦) .

(٤٦٢) لە بەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرە: ١٨٧)دا کە دەفەرمێ: ﴿ وَلاَتُبَاشِرُوْهُنَّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُوْنَ فِي الْمَسَاجِد ﴾. واتە: وە جووت مەبن لە گەڵیاندا کاتێك کە لە (إِعْتِكَاف)کردن دان لە مزگەوتەکاندا.

(٤٦٣) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لیّ رازی بیّت) ، بڕوانە (پ٤٥٨) .

وە لە بەر ئەوەی واتای (إِعْتِكَاف) مانەوەیە لە مزگەوتدا ، جا ئەگەر بە بێ پێویستی وبە بێ هیچ هۆیەکی شەرعی لە مزگەوت دەرچوو ، ئەوە (إِعْتِكَاف)ەکەی بەتاڵ دەبێتەوە .

..........................................

## تێبینی:

لە بارەی ئەو شوێنەوە کە درووستە (إِعْتِكَاف)ی تێدا بکرێت زانایان جیاوازیان هەیە ، زۆر بەی زۆریان دەفەرموون: دەبێت لە مزگەوتدا بێت . بەڵام (أَبُو لُبَابَة) دەفەرمێ: دروستە لە شوێنی تریشدا بکرێت جگە لە مزگەوت . بەڵام بێ گومان ئەم بۆچوونە ڕاست نییە ، چونکە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لە سەر نییە .

هەروەها ئەوانەی کە دەفەرمن: دەبێت لە مزگەوتدا بکرێت ، جیاوازن لەوەدا ئایا لە چی مزگەوتێکدا بکرێت ، (أَبُو حَنِيْفَة وَ أَحْمَد و إِسْحَاق وَ أَبُو ثَوْر) دەفەرمن: دروستە لە هەر مزگەوتێکدا کە پێنج فەرزەی بە کۆمەڵ تێدا بکرێت . بەڵام (شَافِعِي وَمَالك وَدَاوُد) دەفەرمن: لە هەموو مزگەوتێکدا دروستە ، چونکە بۆ تایبەت کردنی بە هەندێك مزگەوتەوە هیچ بەڵگەیەکی ڕاشکاو(صَرِيْح) لەو بارەیەوە نەهاتووە .

وە زانا (شَافعی)یەکان دەڵێن : باش وایە لە مزگەوتێکدا بکرێت کەوا نوێژی کۆمەڵ وجومعەیشی تێدا بکرێت ، بۆ ئەوەی نوێژەکانی بە کۆمەڵ بکات و جومعەیشی نەفەوتێت ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وای کردوە .

وە (حُذَيْفَة وسَعِيْدُ بنُ مُسَيَّب) دەفەرمن : دروست نییە لە هیچ مزگەوتێکدا بکرێت تەنها لە سێ مزگەوتەکەدا نەبێت – مزگەوتی حەرام ومزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ومزگەوتی (بَيْتُ المَقْدس)– [ بڕوانە فقه السنة (٤٠٢/١) وبداية المجتهد ونهاية المقتصد (٢٢٨/١)].

وە بەڵگەی ئەم بۆچوونەی دواییان فەرموودەکەی (حُذَيْفَە)یە (خوای لیّ رازی بیّت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ إِعْتِكَافَ إلاَّ فِي المَسَاجِدَ الثَّلاَث**

)) واتە: (إِعْتِكَاف) نییە مەگەر لە سێ مزگەوتەکەدا [رواه البيهقي في سننه (٣١٦/٤) والطحاوي في مشكل الآثار (٢٠/٤) والذهبي في (سير اعلام النبلاء) (٨١/١٥) وهو صحيح برِوانە (رساله الأنصاف فى أحكام الاعتكاف) لعلى بن حسن كە بە جوانی باسی ئەم مەسەلەیە دەكات و (الأدلة الرضية) (ل: ١٣٨) حيث قال: (( وهو صحيح غريب عال وإسناده على شرط البخارى)] وە هەندێك لە پێشینان(السَّلَف) كاریان بەم فەرموودەیە كردوە .

(عَطَاء) فەرموویەتی: (( لاَ جِوَارَ إِلاَّ فِي مَسْجِدِ مَكَّةَ ، وَمَسْجِدِ المَدِيْنَةِ ... )) واتە: (إِعْتِكَاف) نییە مەگەر لە مزگەوتی مەككە ومزگەوتی مەدینەو... [أخرجه عبدالرزاق في المصنف (٨٠١٩) عن عطاء بسند صحيح].

(إِبْنُ المُسَيَّب) فەرموویەتی: (( لاَ إِعْتِكَافَ إِلاَّ فِي مَسْجِدِ نَبِي )) واتە: (إِعْتِكَاف) نییە مەگەر لە مزگەوتی پێغەمبەر دا [رواه عنه إبن ابي شيبة في مصنفه (٩١/٣) وعبد الرزاق في المصنف (٨٠٠٨) بسند صحيح].

(مَسْجِدِ نَبِي): مەبەستی هەر سێ مزگەوتەكەیە كە پێغەمبەر (إِبْرَاهِيْم و مُحَمَّد) (ﷺ) دروستیان كردوە .

**( الحَمْدُ للهِ ) ئەوە بەشی رۆژوو كۆتایی پێ هات بە پشتیوانی خوا**

**ئێستا دەچینە سەر بەشی حەجج .**